

# نیسان مانگێکی ئاگرین بۆ یانەی ریال مەدرید

یانەی ریال مەدرید خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ مانگێکی پڕ لەیاری ئاگرین، کە مانگی نیسان هێزو وزە دەبەخشێت بینەران لەهەردوو پاڵەوانێی خولی ناوخۆ و یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. دوای ئەوەی لەتیروپشکی هەینی رابردوویی قۆناغی 8ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کەوتە بەرامبەر یانەیەکی دیکەی بەهێزی ئەوروپا کە ئەویش یانەی بایرن میونخی ئەڵمانیا بوو، کە لەساڵی 2014 بە ئەنجامی 5گۆڵی بێ وەڵام بەرامبەر یانەی ئیسپانی دۆڕابوو. یانەی شاهانە رێڕەوی یارییە ئاگرینەکانی بە یاری دێربی مەدرید بەرامبەر یانەی دراوسێی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە 8ی نیسانی داهاتوو لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ دەست پێدەکات، دوای ئەوەی یاری چوون لەبەرژەوەندی ریال بوو بە 3گۆڵی بێ وەڵام. پاشان پیاوانی زێدان رووبەڕوویی یانەی باڤاری ئەڵمانیاو لە 12ی هەمان مانگ لەمیانی قۆناغی 8ی خولی یانە پاڵەوانەکان لەیاری چووندا دەبنەوە. پاشان جارێکی دیکە لەیاری گەڕانەوە لە 18 مانگ بەیەک دەگەنەوە، کە بلیتی قۆناغی پێش کۆتایی یەکلا دەکاتەوە. پاشان لە 23 نیسان جارێکی دیکە لەیاری کلاسیکۆ ریال مەدرید میوانداری یانەی بەرشلۆنە دەکات، کە هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن بەرشلۆنە رەتیکردۆتەوە یارییەکە رۆژێک پێش بخرێت. کە یارییەکی یەکلا کەرەوە دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی خاوەن نازناوی ئەم وەرزەی لالیگا. لەکاتێکدا بۆ 4 وەرز دەچێت ریال ئەم نازناوەی بەدەست نەهێناوە. لەکۆتایی یارییەکانی مانگی نیساندا ریال مەدرید دەبێتە میوانی یانەی ڤالێنسیا کە لەیاری چووندا بە 1-2 گۆڵ لێی بردەوە. ئەم یارییانە زۆر بەهێزو یەکلاکەرەوەن بۆ ریال مەدرید، چونکە هەر دۆڕاندنێک واتا دەرچوونی لەململانێکانی خولی ئیسپانیاو یانە پاڵەوانەکان.

**نەبەز روستایی**

## پۆل پۆگبا لەمان یونایتد و هەڵبژاردەی فەرەنسا دادەبڕێت



راهێنەری یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی جۆزێ مۆرینهۆ رایگەیاند کە یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەیان پۆل بۆگبا بەهۆی کێشە لە ماسولکەکانی دواوەی رانی لەریزی یانەکەی دادەبڕێت، بەڵام ماوەکەی دیاری نەکرد. پۆل بۆگبا لەیاری رابردووی یانەکە بەرامبەر میدلزبرە بەشداری نەکرد، هەروەها لەیاری داهاتوویی هەڵبژاردەی فەرەنسا لەمیانی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی رووسیا بەرامبەر لۆکسمبۆرگ و یارییە دۆستانەکەی ئیسپانیا بەشداری ناکات. راهێنەری پورتوگالی گوتی: ماوەی دوورکەوتنەوەی پۆگبا بەدروستی نازانم، بەڵام لەیاری داهاتوویی یانەکەی و هەڵبژاردەی فەرەنسا ناتوانێت یاری بکات. پۆل بۆگبا لەدوای دوو خولەک لەگێمی دووەمی یاری یانەکەی بەرامبەر رۆستۆڤی رووسی لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی 16ی خولی یۆرۆ لیگ لە پێنج شەممەی رابردوو یاریگای جێهێشت، ئەوەبوو مەروان فیلانی لەشوێنی ئەو بەشداری مەشقەکانی یانەکەی کرد.



## شکسبیر ژمارەیەک تۆمار دەکات هیچ راهێنەرێک لەخولی ئینگلیزی نەیتوانیوە

ئاستی لیستەر سیتی پاڵەوانی پریمەرلیگ لەچاو وەرزی رابردوو گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە لەسەر دەستی کریگ شکسبیر، ئەمەش لەدوای رۆیشتنی راهێنەری ئیتاڵی کلاودیۆ رانیێری، راهێنەری ئینگلیزی توانی رێوییەکان لەشوێنی مەترسی دابەزین دوور بخاتەوە، لەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی 8ی خولی یانە پاڵەوانەکان بۆ یەکەمین جار لەمێژوویان، بەڵام بەوەی کە ئەم راهینەرەی بردە ناو مێژوو ئەوەبوو توانی رابەرایەتی یانەکەی بکات لە 3 یەکەمین یاریدا بتوانێت 3گۆڵ وەکو راهێنەر لەخولی ئینگلیزی تۆمار بکات. کە ئەم ژمارەیەش هیچ راهێنەرێک لەهەرچی ناوێک دابێت نەیتونیوە تۆماری بکات.

# ئامارە کارەساتاوییەکان زەحمەتییەکانی ئارسناڵ دەردەخەن



کارەساتەکانی یانەی ئارسناڵ بەردەوامن لەخراپترین وەرزیدا، دوای ئەوەی لەم گەڕەی خولی پریمەرلیگدا بەرامبەر یانەی وێست برۆمیچ ئالبیۆن دۆڕا، تەنها خوای گەورەش دەزانێت لەدوای پشوویی یارییە نێودەوڵەتییەکان چی روودەدات. ئارسناڵ لەم گەڕەدا ئاستێکی زۆر خراپی پێشکەشکرد بەرامبەر ئەلباگیز، بەمهۆیەوەش بۆ جاری شەشەم لە 9دوایین یاریدا دۆڕا. ئەوەی جێگای پێکەنین بێت یانەی ئارسناڵ لەدوایین 9یاریدا تەنها 3 سەرکەوتنی تۆمارکردووە، کە دوانیان لەگەڵ ئەو یانانە بوو کە لەدواوەی ریزبەندی خولەکە دێن. تۆڕی تۆپچییەکان تەنها لە9یاری رابردوودا 21 جار هەژێندراوە.